# سەربوردەی پیاوێ تەنیا

سەردارعەزیز

یەکشەممان ماڵەکەمان پڕ ئەبێ لە بێدەنگی. کە بەئاگادێم گوێم لە دەنگی زەنگی کلێساکانە. کلێساکان لە هەموو شوێنێکن! من هەردەم رقم لە دەنگی زەنگی کلێسایە. دەبێ ئەو زەنگانە بۆ کێ لێبدەن، من لە خۆم ئەپرسم. پاشان گۆرەویە خوریەکانم لە پێئەکەم. من تەنها سێ جووت گۆرەوی خوریم هەیە، یەکیان لە رەنگی خۆڵ، یەکێ تریان لە رەنگی بێوەژن، ئەویتریان لە رەنگی تەنیایی.

ئینجا بە ئاوی شلەتێن خۆم ئەشۆم. لە گەڵ ئاودا یادگاریەکی زۆرم هەیە. لە سەر پشتی کەشتی گەورە، گەورەتر لە خەیاڵ، بە ئیجە و ئەدریاتیک و دەریایی سپی و بەلتیک و دەریایی باکور و زەریای ئەتلەسیا سەفەرم کردوە.

پاش قاوەتی، وەک هەمیشە ئەچم شیرێک و رۆژنامەیە ئەکرم. یەکشەممان شەقامەکانیش پڕن لە بێدەنگی. ماڵ ئێمە لە گەڕەکی جولەکەکانە. لە پردی لەرزانە ئەپەڕمەوە و لە بەرخۆمەوە گۆرانی ئەڵێم. شەقامەکان بۆنی حەشیشەو شەهوەتیان لێدێ. هەموو شوێنێک پڕە لە ئاخزە جگەرەو کۆندۆم. لە پایزدا گەڵاکانیش دائەبارێن، من زۆر حەزم لە گەڵاکانە کە ئەوەرێن، داری رووت تابلۆیەکی ئەبستراکتە، رێم ئەدا ئازادانە خەیاڵی پێوەبکەم. پاش پردەکە خوێندنگای مۆسیقاکە دێت. هەموو جارێ کە بەوێدا تێئەپەرم دەنگی پیانۆیەک بە کزی دێت. بۆگارد و فلیمەکەی کازابلانکام بیرئەکەوێتەوە. ئای خوایە عەشق چەند سەختە. رۆژانێ نەفامانە دڵم دایە دەست گەورەکچێکی بچکۆلە. ساڵێک بە دیاریەوە دانیشت، تەنها جارێکیش لە دەرگایی نەدا.

کە رۆژنامە ئەکرم ژنێ پۆلۆنی بەدەممەوە پێئەکەنێ، پێکەنینێ ساختە. ئێمە لە رۆژگارێکا ئەژین هەموو شتێ تیا ساختەیە. تەنانەت ساختە لە حەقیقەت بەرێزترە. لە کتێبێ ناوەرۆکی مەسیحیەتدا فیورباخ هاوکێشەیەکی سەیرمان پێشکەش ئەکات. پیرۆزی پیرۆزتر ئەبێ تا لە حەقیقەتەوە دوورتربێت. بەڵام من لە بری فیورباخ بیر لە کریستینا یونگمان ئەکەمەوە، ئەو مەکربازەی لەگەڵ ماچا باسی کراکۆفی بۆ ئەکردم، سەرکێشیەکانی رۆژانی هەرزەیی. کە ئەگەرێمەوە ماڵەکەمان بۆنی شێێ لێدێ. نامەی بەر پەنجەرەکە ئەبینم، ووشە بە ووشەیم بیرئەکەوێتەوە: (ووردیلەکەم، حەزئەکەم زۆر بێبەزەییانە وەک جەلادێ دڵم بشکێنی! وەهام لێبکەی بڕۆم لە پشت کلێسا هێمنەکەوە لە سەر گیاکورتەکە بۆخۆم بە تەنیا دانیشم و لە ئاسمان بنوارم. حەزئەکەم هەستبکەم کە دوای تۆ ژیان بێمانایە، بریاربدەم نەرۆم بۆ وانەکانی فەلسەفە.

کە دڵم بشکێ ئەگەرێمەوە ماڵەوە، لە بەر پەنجەرەکەدا بە تەنیا گۆرانی ئەڵێم، جار لە دوای جار شیعرە پڕ لە خەمەکانی فێرناندۆ بێسەوا ئەخوێنمەوە؛ ئەو پیاوەی کە جگە لە سێبەرو ووشەو خەیاڵ هیچ هاورێیەکی تری نەبوو.

دڵم بشکێنە ئەی ژنە بچکۆلەکە. بەیانیانێ زوو وەک سەرباز لە شەرێکی دەستەو یەخەدا خەنجەرەکەت بێنە و دڵم بێبەزەییانە لەتکە. کە دڵم ئەشکێ ئەگەرێمەوە بۆ مەعریفە، بۆ تەنیاییەکەی کانت و غەریبیەکەی سپینۆزا و پەراوێزە پڕ لە ئازارەکانی فۆکۆ و کۆچناسیەکی دۆلۆز).

ئیتر لە بێدەنگیدا رۆژنامە ئەخوێنمەوە.